# ئەمڕۆ سەدام لە لاهای لەبەرامبەر تاوانی هەڵەبجە دادگایی کرا... عەلی مەحمود محەمەد

2005-11- 23

ئەمڕۆ 23-11 سێیەم ڕۆژی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات بوو لە شاری لاهای هۆڵەندی، ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم لە دادگاییەکە ئەوەبوو یەکەم دۆز هاتە پێشەوە، هەڵەبجە بوو، دوجەیلێك دیکە لەویش لێمان قیت نەبووەوە، هەموو نیگاکان دادگاییەکە بۆ خۆی بەرێت، هەڵەبجەو ئەنفال و فەیلی و بارزانیی ئێمە بە پەراوێز بکات.

لە سەرەتاوە دادوەر بەو شایەدییانە باسیەکەی کردەوە لە دادگای بەلجیکا پێشکەش کرابوون دژ بە سەدام حوسێن پێش ڕوخانی. حامد جبوری وەکیلی وەزیری دەرەوەی عێراق و دواتر باڵوێزی عێراق لە سویسرا، شایەدی لەسەر تاوانی هەڵەبجە داوە، بە ووتەی ئەو، ئەو تاوانە بە بڕیاری سەدام حوسێن ئەنجام دراوە، عەلی حەسەن مەجید و حوسێن کامل ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەم تاوانە بوونە.

کەسێکی دیکە کە شایەدی لەسەر سەدام دابوو لە بەلجیکا وەفیق سامەرائی بوو، بە کورتی لە دانپێدانەکەی وتوویەتی:: دوای هەموو کردەیەکی سەربازی بە نیو کاتژمێر هەواڵەکە گەیشتۆتەوە بە مەجلس قیادەی سەورە، بۆیە سەدام و هەموو ئەندامانی ئەو مەجلسە ئاگاداری وردە کارییەکانی ئەو تاوانە بوونە، ئەوان بۆیە کوردیان بە کۆمەڵ کوشت، چونکە بە لایەنگری ئێرانییان زانیووە.

یەکی دیکە لەشایەدحاڵەکان سائیب ناجی لیوای عەسکەری و فەرماندەی فەیلەقی 5 بوو. لیوا وتوویەتی: گولە پرکراوە لە کیمیاوی بۆمان دەهات، ئەگەر بەکارمان نەهێنایا سزا دەدراین، لەو کاتەی لە هەڵەبجە دراوە عەلی حەسەن مەجید لە بارەگای دواوە بوو (خلفی)، تاوانبارە بەرامبەر بە هەڵەبجە، هۆکاری لێدانی هەڵەبجە، هاوکاری کوردەکان بوو لەگەڵ ئێران، ڕۆژی 16-3-1988 هەڵەبجە داندرا بە بەشێك لە ئێران، لەو تاوانە (سەدام - عەلی کیمیاوی – عزەت دووری – حسێن و سەدام کامل، تەها یاسین) ئاگادارن.

شایەدحاڵێکی دیکەی کارەساتی هەڵەبجە ڕۆژنامەنووسێکی سویدی بوو، پێشتر هاوڕێیەتی لەگەڵ کوردەکانی دانیشتووی سوید پەیدا کردبوو، 19-20-3 فلیمێکی ڤیدیۆیی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە ئامادە کردووە، بە گشتی 700-800 کوژراوی کوردی سڤیلی لەم کارەساتە بە چاوی خۆی بینیوە، ناوبراویش لە بەلجیکا شایەدی لەسەر تاوانباری سەدام داوە.

ئیحسان عەلی عەبدوالعەزیزیش یەکێکی دیکەیە لەوانەی لە بەلجیکا شایەدی داوە، ناوبراو باسی لەوە کردووە، دوانزەی شەو قایمقامی هەڵەبجە کۆبونەوەی کردووە، ڕۆژی دواتر هەڵەبجە بۆردومان کراوە، چاوی بەچەکی کیمیاوی تووشی سوتانەوە بووە، بە بڕوای ئەو خەڵکی مەدەنی بۆردومان کراوە.

ئەوەی ناوبراو باسی لێ نەکردووە، گرتنی هەڵەبجەو ڕۆڵی بزووتنەوەی ئیسلامی لە جەنگەکەو سوپای ئێران بووە لەو شەڕە.

بەڵام شەهید شەوکەتی حاجی مشیر، لە چاوپێکەوتنی خۆیدا باس لەوە دەکات ڕۆژانی 13-14-3 ئێران گردەکان دەوروبەری هەڵەبجەی هەموو گرت، 15-3 پێشمەرگە چوونە ناو شارەوە (یەکێتی – پارتی- سۆسیالست) (هێزی هاوبەشی ئێران و پێشمەرگە).

بە گوێرەی وتەی دادوەر، نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی قوربانیانی هەڵەبجەی بە5000 دیاریکردووە، بەڵام ئێران بە 35000 کەس، لەمەدا دەردەکەوێت ئێران زیانەکانی سوپای خۆی بە بەشێك لە قوربانیانی هەڵەبجە دیاری دەکات، لەمەشدا دەیەوێت ڕوی ڕاستی کارەساتەکە بشێوێنێت، ئەمە لەکاتێکدا لە کارەساتی هەڵەبجە دەستی خۆی سورە بە خوێنی 75 پێشمەرگەی قارەمانی گوردانی شوان.
مەوسم عەسکەری، سستەری ئێرانی، شایەدحاڵی ژمارە 80، لەو کاتەی لە هەڵەبجە دراوە، ئەو لە نێوان خورماڵ و هەڵەبجە سستەر بووە، کە پێشتر لە ناوچەی خورەمشەهر کاری کردووە، باس لەوە دەکات پێش ئەوەی لە هەڵەبجە بدرێت، شارەکە لە ژێر دەست ئێراندا بووە.
شایەد حاڵێکی دیکەش کە لە ئێرانەوە هاتووە، لە خوڕەمشەهر و هەڵەبجە هاوکات بریندار بووە.
بەڵام قەیسی فرۆکەوانی ئیحتیاتی عێراقی لە ساڵی 1985، دەڵێت:بڕیارەکە لە عەلی حەسەن مەجیدەوە دەرچووە، ئەو خاوەند دانی هەموو بڕیارێك بووە.
لە هێزی ئاسمانی بە گولەی کیمیاوی دەوترا: گولەی تایبەتی، ئەو یەکە سەربازییەی بەو کارە هەڵسا، وەحدەی ژمارە 37 بوو، بڕیار وا بوو هەموو شار بۆردومان بکەن. ئەو گازەی بەکار هاتووە لە نزیك دەریاچەی سەرسار بەرهەم هێنراوە.
ئەمەو وتەی ژمارەیەك زۆر دان پیانانی شایەد حاڵە کوردەکان خرایە ڕوو، کە قوربانی کارەساتی هەڵەبجە بوون.
ئەوەی لەهەموو زیاتر قسەی لەسەر کرا، ئەو پزیشکەی دانیای چارەسەرکردووە لە ئێران، هەروەها دانیا لە وتەکانی دا وتوییەتی: دەستم لە تۆزە سپییەکە دا، بەڵام باپیرم بە پەلە لێی کردەوە، ئەم بڕگەیە پارێزەری ئانرات بە دواداچوونی لەسەر کرد.
دۆزی زێوەو گۆپتەپەو سەردەشت و فرجینی ناوچەی لۆلانیش دواتر گفتوگۆیان لەسەر کرا.
لێرەدا پرسیارێك سەر دەردێنێت، ئایا دەبێت لە ترسا نەبووبێت، کورد پەلەی نەبێت لە دادگایی کردنی سەدام لە پای تاوانی بارزانی و هەڵەبجەو ئەنفال؟ ئەوەی ئەمڕۆ دەرکەوت پێشمەرگەو پاسدار پێکەوە لە هەڵەبجە بریندار بوونە. ترسی ئەوەم هەیە پارتە سیاسییەکان نەوێرن داوای دادگایی سەدام بکەن؟، ئەوەی بوبێتە قوربانی خەڵکی سڤیلی کورد بێت، کەس نەوێرێت لێی نەپرسێتەوە، لێ دادگایی ئەنرات هەموو مەلەفە نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، هەموو کۆدەکانیش دەکاتەوە.

تێبینی:
هیوادارم ئەو بەڕێزانەی بابەت لەسەر ئەم دۆزە دەنووسن، یان هەواڵ ئامادە دەکەن، کەمێك بە ویژدانەوە دەست بدەنە قەڵەم، دیارە ئێمە نە وەڵامی هیچ نووسینێك دەدەینەوە، نە کاتیشمان هەیە بۆ وەڵامدانەوە.